www.kurdistannet.org

6-9-2007 23:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند ڕۆنکردنەوەییێک لەمەڕ وەڵامی مرۆڤ دۆستانەی خاتو ساکار عبدالله ... سادق سالح

بۆ بەرێز ساکار عبداللە.... زۆر سوپاس بۆ ئەو وەڵامە مرۆڤ دۆستانەیەت. ئەگەر سیکڵدانەکەی توش بچۆك نەبێت و پەست نەبیت پێمخۆشە ئەم چەند خاڵەی خوارەوەت بۆت بنووسم:



1-پێمخۆش بوو ئەم نامەیەتان بە کرمانجی سەرو بۆ بنووسم بۆ ئەوەی ڕەخنەی ڕێزمانی و ڕێنووسیم لێ نەگری بەڵام دڵنیام کە زاراوەی خانی و جزیری و فەقیێ تەیران وبەدرخانیەکان نازانیت و ناخۆازیت بزانی و باوەرتان بە زمانی یەکگرتووی کوردی نیە و وا دەزانن هەرکەس بە زاراوەی کرمانجی خوارو بنووسێت و بئاخفێت تەواو و دڵنیام کە هەر ئاگات لە بزاڤی ڕۆشەنبیری دەڤەری بەهدینان نیە و بە درۆستی ناوی سێ نووسەر و ڕۆشەنبیری کوردی دەڤەری سەرو نازانی. بەڵام خۆشکی بەرێز وانیە و هەموومان کوردین و زمانی کوردی پێك هاتووە لە هەموو زاراوەکانی کوردی. ئەوەی گرنگە ئەمرۆ بکرێت لە پروسەییێکی بەردەوام و درێژخایەن و بە دیالۆکێکی لۆژیکی زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست بکرێت. درۆست کردن نە بە واتای ئەوە تو زمانێك داتاشی و وەك پاکەتێك بیخەیتە بەر دەستی گەلی کورد. بەڵکو ئەمە پروسەییێکە کە پێویستە پسپۆرانی ئەم بووارە کاری بۆ بکەن و دلسۆزانی ئەم بوارەش بیروبووچۆنیان دەرببرن و دیالۆگێکی بەردەوام هەبێت لە نێوان نووسەرانی هەموو زاراوەکان. نە بۆ من نە بۆ تو و نە بۆ هیچ کەس نیە کەسانێك یا لایەنێك بەهوی دەربرینی بوچۆنێك یا داواکاریەک لە کوردبوونیان تەلاق بدرێن!مرۆڤ دۆستی ئەمەیە تو هەموو مرۆڤاکانت خۆش بووێت و ڕێزی هەموو بوچۆنێك بگری نەک لەبەر دەربرینی بوچۆنەکانیان بیانخەیتە ڕێزی دۆژمنان. ئێمە پێکەوە بەرەنگاری دۆژمنانی کورد و کوردستانمان کردووە و بەرگری لە خاك وولاتمان کردوە. هەمووومان وەك یەکین و یەک گەل و نیشتیمانین و کەس بۆی نیە خۆی بسەپێنێ.

2-من محسن جوامێرم بە پیشەی ڕەسەنی خۆی ناوزەند کردووە و هیچ مەبەستم بێرێزی نەبووە، ئەگەر جەنابتان لەم ناوە نارازین ئەوە نیشانەی بێرێزیتانە بەرامبەر بە مەلاکان و باوەر ناکەم کە مەلا محسین خۆی پەست بێت لەم پێش ناوە. هێژا باوەربکە کەم یا زۆر ئەزانم کە ڕۆشەنبیری کوردی لە حوجرە و مزگەوتەکان سەری هەڵداوە و تۆزقالێکیش ئاگاداری دیرۆکی ڕۆشەبیری کوردیم. من ڕێزم هەیە بۆ هەموو پیشەییێك و هەموو مرۆڤێك و زۆر دڵ پەست دەبم بەو کەسانە کە ئیهانەی مرۆڤ دەکەن بەتاییەت لەسەر بوچونەکانیان.

3-هیچ پێویست ناکات کە باسی خۆم بکەم کێم و چیم. هەرئەوەندە بەسە 32 سالە دەربەدەرم. زۆر خۆشحالم کە پیشەکەم کوردایەتی بووە و هەموو کوردێکم خۆشویستووە و هیچ کات هەستم نەکردووە سەرووم یا خوارووم. ڕێزم هەیە بۆ هەموو زاراوەییێکی کوردی و کەس بە سەر کەسدا ناسەپێنم. خوزگە روحی سەپاندن نەبێتن. هەروەها من جیاوازم لە گەل جەنابتان و هێژا جوامێر. چۆنکە لە هەموو زاراوەکانی کوردی تێدەگەم و بە کرمانجی سەروو و خوارووو دەنووسم و دەخوێنم و خۆم بەهەموویان دەزانم و هەموویان بە کوردی ناو دەبەم..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4-من نووسیومە ماوەیێکە مەلا موحسین جوامێر ئەلێی بە قونتەرات گرتویێتی و سوویێندی خواردووە کە زاراوەی کرمانجی سەرو فت بکات و زاراوەی کرمانجی خوارو بکات بە زمانی یەکگرتوی گەلی کورد و ناوی لە ریزی ریکوردە جیهانیەکان تومار بکات. ئەمە راستیە و کەس ناتووانیێت نکوڵی لێ بکات و نووسینەکای ناوبراو گەواهی ئەم راستیەن.

5-بەراستی بۆ ئەم پرسیارە لە هێژا جوامێر ناکەیت کە باس لە ئایدولوژیەتی کەمالیستەکان دەکات بەسەر بەدرخانیەکان و کوردەکانی باکووری کوردستان بۆ بەکار هێنانی ئەلفابێتی لاتینی. باشە با ئەو پرسیارە لە جەبتان بکەم سەپاندنی تەنها زاراوەییێکی کوردی بە سەر هەموو گەلی کورد کە زۆربەی هەرە زۆری گەلی کورد بەو زاراوەیە نە دەنووسێت و نە دەخوێنێت تاکرەوی و خۆ سەپاندن نیە؟ باشە ئەگەر ئێوەی دلسۆز وا ئەزانن نووسین و خوێندن بە دوو زاراوە دەڤەری بادینان تەلاق دەدرێت و کێشەکان لە رۆژهەلاتی ناوەراست بەرەو ئاقارێکی تر دەبات و کارەساتێکی تر وەك کارەساتی تورکەکان دروست (هەرچەند تا ئێستاش لە و کارەساتە تێنەگەیشتووم و نازانم چین و ئێوەی بەرێزیش بوچۆنێکتان نە بوو لەم بوارەوە) دەکات باشە با هەموومان بە زاراوەی کرمانجی سەرو بنووسین و بخوێنین و خۆمان لەو کارەساتە رزگار کەین ئەگەر تەنها مەبەستان ئەوەیە کە کورد تەنها بە یەك زاراوە بخوێنێت و بۆتان گرنگ نەبێت کام زاراوە و نیەتی خۆ سەپاندن نەبێت. یان ئەمەتان بە دڵ نە بوو؟ چۆنکە هێژا جوامێر زاراوی کرمانجی خوارو بە زمانی یەکگرتووی کوردی دەزانێت.

6-خۆشکی بەرێز من ئیعتراف دەکەم کە لە کوردیەکەی من حالّی نە بوویت چۆنکە دیارە زۆر بێ سەروبەر بووە. ئەویش گوناحی من نین ئەگەر توش وەك من بۆت مەبەست نەباو کرمانجی سەروت زانیبا ئەو کێشەیەشمان چارە سەر دەبوو. بەلاّم ناچار بووم بە زاراوی کرمانجی خوارو بنووسم بۆ ئەوەی لێم تێبگەن. بەلام کە مرۆڤ لە نووسینێك یان بابەتێك باش حالّی نابێت پێویست ناکات ئەوەندەش پەلە لە وەلاّم دانەوەی بکات. کوردستانێت نە، مالّپەری تریش هەبوو. سەبرت هەبا و بەکەیفی خۆت بتنوسیبا. من دژی هیچ ووشەییێکی بێگانە نیم لە ناو زمانی کوردی دا بە تایبەت ئەو گەلانەی کە لە گەلیان دەژین و تێکەلاوین لە گەلّیانا. بەلاّم پێویست ناکات ئێمە غەمی ئەوەمان هەبێت کە محسین بە ح بنوسێت یا بە هـ و شەری یەکتر بکەین لە سەر چونیەتی نووسینی ووشەی بێگانە و غەم بۆ حەبیبە بخوێین. ئەگەر هەر پێویست بوو خۆ دەکرێت لە ئالفابێتی لاتینیش هەروەك ئالفابێتی عەرەبی گورانکاری بکرێت. کێشە ئەوە نیە کە ناکرێت، کێشەکە لە وەدایە قەبوڵ ناکرێت و رۆحی خۆ سەپاندن زالّە بەسەرتانا.. 6-باشە بەرێز مەمنون دەبم کە پێناسەی نوکتەم بۆ بکەیت تا بزانین ئەوەی جوامێر سەبارەت بە گفتوگوی کورد لە گەڵ رژێما و داواکاری خوێندن بە زمانی کوردی دەنووسێت دەکەوێتە خانەی نوکتە و پێکەنین یان نا؟باشە راستی تالّە و هەر موجامەلەبکەین؟بەرێز ببورە نالّێم هێژا جوامێر کوردی نازانێت بەلاّم توی هێژا و بەرێز جوامێر دەتوانن بەلگەییێکمان پێشکەش بکەن کە کورد داوای کردووە بە زاراوی کرمانجی سەرو نەخوێنرێت؟ یان زمانی کوردی یەك زاراوەیە و زاراوەکەش هەر ئەو زاراوەیەیە کە توی هێژا و بەرێز جوامێر پێی دەنووسن و دەخوێنن؟ بە داخەوە وا نیە و دوو زاراوی سەرەکی تا ئێستا شان بە شانی یەك بەردەوامن چ لە نووسین و خوێندنا و چ لە رۆژنامە و گۆڤارەکان و رادیو و تەلڤزیون و هەموو بوارەکانی میدیای کوردی دا. تا ئێستا هیچ یەك لەم دوو زاراوەیە نەیتوانیووە وەك زمانی یەکگرتوو خۆی بسەپێنێت و هەموو کورد پێی رەزامەند بن بە مەرجێ ئەگەر هەموو گەلی کورد بە کورد بزانین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6-9-2007 23:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

7- بۆ من گرنگ نینە فلان کەس شۆفێرێکی چاك بووە و بە سالان دەعمی (پیاکێشانی) نەکردووە، گرنگ ئەوەیە هیچ کات پیاکێشان نەکات و کەس نەکوژێت. ئەگەر پیاکێشانی کرد و مرۆڤی کوشت نابێت چاوپوشی لێ بکرێت چۆنکە دەیان سالە شۆفێرە و دەعمی نەکردووە و ئەمە یەکمجارە. ئەمە لە مەنتقی دادوەری دا واتاییێکی بو نیە. من ئەزانم مەلا محسین نوسەرە و زۆر بابەت و پەرتوکی نووسیووە، بەلام ئەمرۆ بەم جورە نووسینانە گەلی کورد چەواشە دەکات و بەخواستی خۆی خەلك لە کوردایەتی تەلاق و مارە دەکات.

8-بەرێز ئەگەر جوامێر نەتوانێت بۆچونەکانی نووسەر و پسپۆرانی تورکمان بۆ بێژێ باشە ئەم زانایيەی (عیلم) لە کوێ بوو کە ئالفابێتی لاتینی کارەساتێك بوو بۆ تورکەکان؟ یان عیلمی غەیبیان هەیە؟ بۆ زانینتان نەتەنها عەزیز نەسێن کورد نیە بەلکو لە تورکە شوفینیەکانە. من نازانم مەبەست لە یاشار کەمال چیە؟ من لەو کەسانەم کە هیچ کات پشتگیری لە کەسێك ناکەم کە زمانی خۆی لە بیرچێ و بە زمانی بێگانە بنووسێت بە تایبەت تورکی. بەلام ئەم بابەتە چ پەیوەندی بە جوامێر و زمانی یەکگرتوی کوردیەوە هەیە. من نازانم چۆن سوکایەتی و چەواشەگری بە کەسانێك کە تەنها بۆچون و داوا کاریان هەیە بە گفتی ئێوە بە دیالۆکی لۆژیکی بزانم. ئەوەی ئێوە بە دەنگ و دیالۆك و لۆژیك و.... .... .... .... .... ئەگەر لە وەلامەکە پەلەت نەکردبا و دوو جاربابەتەکەت خوێندبا بۆ تان ئاشکرا دەبوو کە ئێمەش هەر ئەمەمان بۆ هێزا جوامێر پێشنیار کردووە و ئەگەر خالی 4 دووبارە بخوێنیتەوە دەزانیت کە من تەنها باوەرم بە دیلۆك و کارکردن بە هەموو لاییکە بۆ سەقامگیر بوونی زمانێکی یەکگرتوو هەیەو دووبارەشی دەکەمەوە من لە گەل ئەوەدا نیم خوێندن بە دوو زاراوە بێت بەلام لە گەڵ سەپاندنی زاراوەییێکیش نیم کە تا ئیستا نەبۆتە زمانی یەکگرتووی کوردی. ئەگەر ئێوەی هێژا زاراوی کرمانجی خوارو بە زمانی یەکگرتوو دەزانن ئەمەش بۆچونێکە پیرۆز بێت بەلام پێویست ناکات باس لە دیالۆکی لۆژیکیش و فەلسەفە و دیموکراسی بکەن..

9-لە کوتایدا پێویستە عەرزتان بکەم ئەوەی نووسیوتە لە چێشتی مجێور دەچێ، خۆزگە ئێوەی هێژا بوچونێکی مرۆڤ دۆستانەتان هەبووا سەبارەت بە زمان و ئالفابێتێکی یەکگرتووی کوردی. زۆر خۆشحالم کە وەلامەکەت لە کوردستان نێت دا بلاو کردووە. بەلام ئەگەر حەزدەکەی پەیوەندی راستەو خۆ هەبێت لە گەلما فەرموو ئەمەش ئادرسی ئەلکترونیکیم و لە خزمەتام:

1-تێبینی: هەرچەند زۆر پەست دەبم بە وشەی سۆرانی و باهدینانی بەلام ناچارم بۆ ئەوەی ساکار خان خەلەت تێنەگات ئەم تێبینیە بنووسم. کرمانجی سەرو (بەهدینانی) و کرمانجی خوارو (سۆرانی) . 2- سوپاس بۆ خاتو سارکار کە چەند هەلەییێکی رێزمانی بۆمی راست کردەوە پێش ئەوەی بنێرم بۆ بلاوکرنەوە.

Sadegh Saleh
Sweden/20070901
d_kurd@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.